

MICS

روپێویی هێشویی فره نیشاندەر

# پەرەسەندنی رەوشی منداڵان و ئافرەتان
# لە هەرێمی کوردستانی عیراق، 2006-2011

Kurdistan Region Statistics Office

unicef

unite for children

# پێڕست


پوختەی دەرەنجامەکان ........................................ 3
پێشەکی........................................ 2
دەرەنجامەکان ........................................ 4
مردنی منداڵ........................................ 4
خۆراك پێدان........................................ 7
رەوشی خۆراك پێدانی منداڵ........................................ 7
شیردانی سروشتی ........................................ 10
خوێی یۆدکراو ........................................ 12
تەندروستی منداڵ ........................................ 13
کوتان........................................ 13
چارەسەرکردنی سکچوون ........................................ 15
چارەسەرکردنی هەوکردنی سییەکان بە ئەنتی بایۆتیك ........................................ 16
ئاو و ئاوەڕۆ........................................ 17
تەندروستی زاوزێ........................................ 21
چاودێری بەر لە دایکبوون ........................................ 21
منداڵبوون لە دامەزراوە تەندروستیەکان........................................ 23
بەپیتی و مەنع کردن ........................................ 24
خوێندەواری و فێربوون........................................ 25
چوونە بەر خوێندن........................................ 25
پاراستنی منداڵ ........................................ 28
زوو بەشوودان........................................ 28
خەتەنەکردنی مێینە ........................................ 30

# پوختەی دەرەنجامەکان

ئەم راپۆرتە بە هاوبەشی لە نێوان دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) و سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان (UNICEF) ئامادەکراوە بۆ دەرخستنی لایەنە سەرەکییەکانی رەوشی منداڵانو ئافرەتان لە هەرێمی کوردستانی عیراق. لە رێگای بەکارهێنانی ژمارەیەك نیشاندەری سنووردار لە بوارەکانی تەندروستی، خۆراك پێدان، چاودێری بەر لە دایکبوون، ئاوو ئاوەڕۆ، و پاراستن، بە هێڵکاری رەوشو پەرەسەندنی چەند لایەنێکی سەرەکی خۆشگوزەرانی منداڵانو ئافرەتان نمایش دەکات.

دەرەنجامەکان نیشانی دەدەن کە هەرێمی کوردستان پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە لە کەمکردنەوەی مردنی منداڵانی خوار تەمەن پێنج ساڵی لە هەموو پارێزگاکان. مردنی منداڵانی خوار تەمەن پێنج ساڵ گەیشتە 32 لە هەر 1000 لەدایکبووی زیندوو لە هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە 38 لە بەشەکانی تری عیراق. بەڵام مردنی منداڵی تازە لە دایکبوو (مردن لە ماوەی 28 رۆژی یەکەم لە ژیان) وەك خۆی مایەوە بێ گۆڕانکاری بەرێژەی 20 لە هەر 1000 لە دایکبووی زیندوو لە هەرێمی کوردستان و بەشەکانی تری وولات.

رەوشی گشتی خۆراك پێدانی منداڵ لە هەرێمی کوردستان چونیەك بوو لەگەڵ بەشەکانی تری عیراق سەبارەت بە بەربڵاوی کەمی کێشو لاوازی: 7٪ لە هەرێمی کوردستان و 5٪ لە بەشەکانی تری عیراق. رەوشی منداڵان لە هەرێمی کوردستان باشترە لە بەشەکانی تری وولات سەبارەت بە گەشەنەکردن: رێژەی منداڵانی گەشەنەکردوو خوار تەمەن پێنج ساڵ لە هەرێمی کوردستان 15٪ لە بەرامبەر 24٪ لە پارێزگاکانی ناوەڕاستو باشووری عیراق. سەرەڕای ئەمەش، لە پارێزگاکانی هەولێرو دهۆك 1 لە هەر 5 منداڵی گەشەنەکردوو هەیە، کە ئەم ژمارەیەش نزیکە لە رێژەی بەربڵاوی گەشەنەکردن لە ناوەڕاستو باشووری عیراق.

ئەگەرچی ئەمە رەوشێکی نموونەیی نییە، بەڵام دەرەنجامەکان ئاماژە دەدەن کە رێژەی گەشەنەکردن لە هەرێمی کوردستان بە هەنگاوی خێراتر دابەزیوە لەوەی بەشەکانی تری عیراق هەر لە ساڵی 2006 ەوە، بە تایبەتی لە پارێزگای هەولێر.

نموونەکانی شیردانی سروشتی لە ساڵی 2011 هێما دەکەن کە تەنها رێژەیەکی کەم لە دایکان پەیڕەوی پراکتیزە راسپێردراوەکان بۆ شیردانی سروشتی بە منداڵ دەکەن. ئەگەرچی هەرێمی کوردستان پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە سەبارەت بە پێدانی تەنها شیری دایك بە منداڵانی خوار تەمەنی 6 مانگی، لە ساڵی 2011 تەنها یەك لە هەر پێنج دایك تەنها شیری خۆیان بە منداڵەکانیان داوە لە هەرێمی کوردستان.

نزیکەی 60٪ی خێزانەکان لە هەرێمی کوردستان خوێی بەیۆدکراو بەکار ناهێنن، کە ئەمەش رێگایەکی کاریگەرە بۆ نەهێشتنی دواکەوتنی گەشەی عەقڵیو گەشەسەندنی جوڵەیی سست لە منداڵان. رەوشەکە تا رادەیەکی زۆر جیاوازە لە نێوان و لە ناو پارێزگاکان: لە دهۆك چوار لە هەر پێنج خێزان خوێی بەیۆدکراو بەکاردەهێنن، بەڵام تەنها دوو لە هەر پێنج خێزان ئەم کارە ئەنجام دەدەن، وە کەمتر لە یەك لە هەر پێنج خێزان لە پارێزگای هەولێر. هەروەها رەوشەکە دیسان زۆر جیاوازە لە نێوان قەزاکانی هەمان پارێزگا: بۆ نموونە، لە قەزای هەولێر 95٪ی خێزانەکان خوێی بەیۆدکراو بەکارناهێنن، بەڵام 50٪ لە قەزای کۆیە بەکاری دەهێنن. هەروەها لە پارێزگای سلێمانی، نزیکە لە قەزای پشدر هیچ خێزانێك خوێی بەیۆدکراو بەکارناهێنن، کەچی سێ چارەکی خێزانەکان لە قەزای دۆکان بەکاری دەهێنن.

بەتێڕامان لە رێکارەکانی تەندروستی پارێزی بۆ منداڵان، دەبینین پێشکەوتنێکی بەرچاو بەدی کراوە لە کوتانی منداڵان، کە رێژەی 47٪ی منداڵان لە ساڵی 2006 سەرجەم کوتانی راسپێردراویان پێدەدرا بەرزبۆوە بۆ 64٪ لە ساڵی 2011.

نزیکەی گشت منداڵان دەکوترێن دژی نەخۆشی سیل، بەڵام سێیەکی منداڵانی کوردستان ناکوترێن دژی سەرجەم نەخۆشیە دیارەکان: دەردەکۆپان (دەفتیریا)، کۆکەڕەشە، گوێ ڕەپە (تیتانۆس)، ئیفلیجی منداڵ، هەوکردنی جگەر جۆری B، سیل و سورێژە.

سێیەکی منداڵانی هەرێمی کوردستان کە تووشی سکچوون بوونە چارەسەری گونجاویان پێنەدراوە، لە بەرامبەر چارەکێکی منداڵان لە بەشەکانی تری عیراق. جیاوازی نییە لە سەرانسەری عیراق سەبارەت بە ڕێژەی ئەو منداڵانەی  تووشی سکچوون بوون (25٪) و هەرگیز چارەسەری تایبەتیان پێنەدراوە. ڕەوشی چاودێری منداڵ تا ڕادەیەك لە هەرێمی کوردستان خراپترە سەبارەت بەو چارەسەرییەی دەدرێتە ئەو منداڵانەی تووشی نیشانەکانی هەوکردنی سیەکان دەبن: لە هەرێمی کوردستان 40٪ منداڵان کە گومانی هەوکردنی سییان لێدەکرێت ئەنتی بایۆتیکسیان پێنەدراوە، لە کاتێکدا لە پارێزگاکانی ناوەڕاستو باشوور ئەم ڕێژەیە 31٪.

بوونی سەرچاوەی ئاوی سازکراو لە هەرێمی کوردستان نزیکە لە ڕێژەی جیهانی: 97٪ ی خێزانەکان هەیانە، بەرامبەر بە 91٪ لە بەشەکانی تری عیراق. ئەم 3٪ ی کە سەرچاوەی ئاوی سازکراویان نییە دەکەونە ناوچەکانی گوندو لادێ. هەمان ڕەوش بەدی دەکرێت سەبارەت بە بوونی ئاوەڕۆی باشتکراو، لە هەرێمی کوردستان ڕێژەکە نزیکە لە جیهانی. سەبارەت بە کواڵێتی ئاو، ڕەوشەکە پێچەوانەیە: نزیکەی نیوەی خێزانەکانی هەرێمی کوردستان ئاو بەکاردەهێنین بەبێ لەبەرچاوگرتنی بوونی کلۆر تیایدا، لە بەرامبەر 23٪ ی خێزانەکان لە پارێزگاکانی ناوەڕاستو باشووری عیراق. ڕەوشی خێزانەکانی گوندو لادێکان لەم بارەیەوە خراپترە خانەقینو ماوەت کلۆر بە تەواوی وونە لە ئاوی بەکارهاتوو لە نزیکەی 100٪ خێزانەکان.

بۆ چاودێری کاریگەری بەر لە دایکبوون پێویستە لانی کەم چوار سەردان بەمەبەستی چاودێری بەر لە دایکبوون بکرێت، بەپێی ڕاسپاردەکانی UNICEF و WHO. لە هەرێمی کوردستان، نزیکەی 57٪ی ئافرەتی دووگیان ئەم سەردانانەی ئەنجامداوە، ئەم ڕێژەیەش بەرزترە لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوور، ئەگەرچی تا ئێستا زۆر چاودێری گونجاو بۆ ئافرەتان لەخۆ ناگرێت. ڕەوشەکە بەشێوەیەکی بەرچاو جیاوازە لە نێوان پارێزگاکاندا: دوو لەسەر سێی ئافرەتانی دووگیان لە دهۆكو سلێمانی لانی کەم ئەم چوار سەردانەیان کردووە، بەڵام ڕێژەکە تەنها 40٪ بووە  لە هەولێر. ئەم جیاوازییە بۆشایی نێوان شارو گوندەکان دەردەخات لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی کەمی چاودێری بەر لەدایکبوونی گونجاو کە پێشکەش بە ئافرەتانی دووگیان کراوە لە قەزاکانی مەخمور یان شەقڵاوە، کە کەمتر لە سێیەکی ئافرەتان پێیاندراوە. زۆربەی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان (85٪) لە دەزگا تەندروستییەکان منداڵیان دەبێت، بەرامبەر بە 75٪ لە بەشەکانی تری عیراق. سەرەڕای ئەمەش، ڕەوشەکە لە پارێزگای هەولێر بەتەواوی لە هی بەشەکانی تری عیراق دەچێت. دەرەنجامەکانی پلاندانانی خێزانی ڕەنگیداوەتەوە لە زۆری بەکارهێنانی شێوازەکانی مەنع کردن لە هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی ناوەڕاستو باشوور، هەروەها لە ڕێژەی زۆر کەمتری لە دایکبوونی هەرزەکاران: 65٪ ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان شێوازەکانی مەنع کردن بەکار دەهێننو 50٪ لە بەشەکانی تری عیراق، ڕێژەی لە دایکبوون لە نێوان هەرزەکاران 39 لە هەر 1000 ئافرەت لە هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە 90 لە بەشەکانی تری عیراق.

له ناوچه شارنشینه‌کان، له قه‌زاکانی وه‌ك مه‌خمور، چۆمان

پێشکه‌وتنێکی زۆر له بواری په‌روه‌رده له هه‌رێمی کوردستان به‌دیهاتووه. ڕێژه‌ی خوێنده‌واری ئافره‌تانی ته‌مه‌ن 15-24 ساڵ به‌رزبۆوه له 64٪ له 2006 بۆ 78٪ له 2011. هه‌رچه‌نده جیاوازیه‌کی زۆر له نێوان پارێزگاکانی کوردستان هه‌یه، به ڕێژه‌ی خوێنده‌واری 89٪ له سلێمانیو 68٪ له دهۆك، تێکڕای خوێنده‌واری مێینه له هه‌رێمی کوردستان به‌رزتره له ناوه‌ڕاستو باشووری عیراق (68٪). ڕێژه‌ی تۆمارکردن له قوتابخانه‌ی سه‌ره‌تایی 95٪ مایه‌وه له 2006 تا 2011، و بۆشایی جۆری کۆمه‌ڵایه‌تی تا راده‌یه‌ك دابه‌زیوه له هه‌رێمی کوردستان. پێشکه‌وتنێکی به‌رچاو به‌دیکراوه له هه‌مان ماوه‌دا له تۆمارکردن له قوتابخانه‌ی دواناوه‌ندی: له 53٪ له 2006 بۆ 72٪ له 2011. سه‌ره‌ڕای ئه‌مه‌ش، 18٪ی منداڵانی ته‌مه‌ن 12-17 ساڵ له ده‌ره‌وه‌ی قوتابخانه‌ن له هه‌رێمی کوردستان، و له گوندو لادێکان ئه‌م ڕێژه‌یه 32٪.

دوو بابه‌تی پاراستن که له‌م راپۆرته‌دا تیشکیان خراوه‌ته‌سه‌ر بریتین له زوو به‌شوودانو خه‌ته‌نه‌کردنی مێینه. له سه‌رانسه‌ری عیراق، ڕێژه‌ی ئافره‌تانی ته‌مه‌ن 15-19 ساڵ که شوویان کردووه که‌می نه‌کردووه، ئه‌گه‌رچی ڕێژه‌که له هه‌رێمی کوردستان که‌متره له به‌شه‌کانی تری عیراق به 10٪ به‌رامبه‌ر به 23٪. ڕووپێوی هێشویی فره‌نیشانده‌ر (MICS4) یه‌که‌م ڕووپێوی فه‌رمیه که ڕێژه‌ی به‌ربڵاوی خه‌ته‌نه‌کردنی مێینه له هه‌رێمی کوردستان بخاته‌ڕوو، که مه‌زنده‌ده‌کرێت 43٪ی ئافره‌تانی کوردستان دووچاری بوونه. ئه‌م کرداره زیانبه‌خشه به‌ربڵاوه له پارێزگاکانی هه‌ولێرو سلێمانی، به‌ڵام له دهۆك نزیکه‌ی بوونی نییه. له چه‌ند قه‌زایه‌کی وه‌ك پشده‌رو رانیه، 95٪ ی ئافره‌تان

**دووچاری خەتەنکردن بوونەو لە چۆمان زیاتر لە 80٪.**

# پێشەکی

**ئەم راپۆرتە باس لە رەوشی منداڵانو ئافرەتان لە هەرێمی کوردستانی عیراق دەکات، وجەخت دەکاتە سەر تەندروستیانو دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان، خۆراك، پەروەردە، و پاراستن بۆیان. ئەم داتایانەی لەم راپۆرتەدا بەکارهێنراوە لە رووپێوی هێشویی فرەنیشاندەر کە لە 2011 لە عیراق ئەنجامدرا (MICS4) وەرگیراوە، کە لە لایەن دەزگای ناوەندی ئامارو دەستی ئاماری هەرێمی کوردستان بەرهەمهاتووە بە هاوکاری تەکنکیی رێکخراوی یونسیف (UNICEF). دەرەنجامەکان بەشێوەی بەراوردکردن لە نێوان هەرێمی کوردستانو پارێزگاکانیو بەشەکانی تری عیراق نمایشکراون وەك چوارچێوەیەکی سەرچاوە. لە هەندێك حاڵەتدا، ئەگەر شیاوبێت نیشاندەرەکان بەراوردبکرێن بە نیشاندەرەکانی رووپێوی (MICS) پێشوو کە لە 2006 ئەنجامدرا(MICS3)، ئەوا ئەم راپۆرتە پێشکەوتنی بەدیهاتوو لە نێوان 2006 تا 2011 نیشاندەدات. ئەگەر بکرێت نیشاندەرەکان بەشێوەیەکی دروست مەزندەبکرێن لەسەر ئاستی قەزا، ئەوکات نیشاندەرەکان نمایش[1] و تاوتوێ دەکرێن.**

**زانیاری بەکارهاتوو بریتییە لە بژاردەیەك لە دەرەنجامەکانی چەند بابەتێکی سەرەکی کە لە رووپێوەکانی (MICS3)و (MICS4) هاتوون لە رووی چەند نیشاندەرێکی جۆراوجۆر[2]. پرسیارنامە ئاساییەکانی رووپێوی (MICS4) لەسەر هەڵەمەرجی وولاَت پیادەکراونو وەرگێڕدراون بۆ هەردوو زاراوەی کوردی سورانیو کرمانجی. ئەم شێوازانەی پرسیارنامەی خوارەوە لە رووپێوی (MICS4) دا هەیە.**

**خشتەی 1: ناوەڕۆکی پرسیارنامە، MICS4**

| پرسیارنامە بۆ منداڵانی خوار تەمەن پێنج ساڵ | پرسیارنامە بۆ تاکی ئافرەت تەمەن (15-49) | پرسیارنامەی خێزان |
|---|---|---|
| تەمەن | زانیاریەکانی ئافرەت | لیستی تۆماری خێزان |
| تۆماری لە دایکبوون | مردنی منداڵ | فێرکردن |
| گەشەکردنی زووی منداڵی | ئارەزووی دوا منداڵ | ئاو و بە تەندروستی بەکاربردنی ئاوەڕۆ |
| شیرپێدانی سروشتی(شیری دایك) | تەندروستی دایكو منداڵی | کارەکتەرەکانی (تایبەتمەندیەکانی) |
| بایەخ دان بە نەخۆشی | نیشانەکانی نەخۆشی | خێزان |
| کوتانەکان | ڕێگاکانی ڕێکخستنی خێزان | کارکردنی منداڵ |
| درێژی و کێش | پێداویستیەکانی دابین نەکراو | کۆنتڕۆڵ کردنی ڕەوشی منداڵ |
| | خەتەنەکردنی مێیەکان | شووشتنی دەست |
| | هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بە ئازاردانی خێزانی | چارەسەرکردنی خوێی بەیۆد |
| | هاوسەرگیری | پشکنینی کلۆر |
| | کەمی بەرگری وەرگیراوی ئادەمیزاد /ئێیدز | |

---

**ژمارەی خێزانەکانی پەیوەندییان پێوەکراو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدرا لە رووپێوی (MICS4) دووقاتی (MICS3) بوو. ژمارەی خێزان و ئافرەتان و (دایك و بەخێوکەرانی) منداڵان لە هەرێمی کوردستان کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدرا لەم خشتەیەی خوارەوەدا هاتووە.**

---

[1] دەرەنجامەکان لەسەر ئاستی قەزا بەشێوەی هێلکاری نمایشکراون کە ماوەکانی متمانە بە رێژەی 95٪ بە هێڵی ئاسۆیی. ئەگەر خوێنەر زانیاری لەسەر ئەم چەمکە ئامارییە نییە، هێڵکارییەکان بەم شێوەیە لێکدەدرێنەوە: هەرچەندە هێڵە ئاسۆییەکان باریکتر بن، متمانەمان زیاتر دەبێت لە بەهاکانیان.

[1] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پێناسەکان، سەرەی کەرتەکان، ژێرەی کەرتەکان و ئەلگۆریتمەکانی نیشاندەرەکانی لە رووپێوی (MICS4) هاتوون، بڕوانە www.childinfo.org . هەروەها زانیاری لەسەر رووپێوی (MICS3) لە هەمان ماڵپەڕدا بەردەستە.

| خشتەی 2: قەبارەی نموونە (سامپڵ)و رێژەکانی وەڵامدانەوە، MICS4 | | |
|---|---|---|
| | ژمارەکانی تەواوبووە | رێژەکانی وەڵامدانەوە |
| پرسیارنامەکانی خێزان | 9,717 | 99.5 |
| پرسیارنامە بۆ تاکی ئافرەت تەمەن (15-49) | 13,422 | 95.2 |
| پرسیارنامە بۆ منداڵانی خوار تەمەن پێنج ساڵ | 6,829 | 98.7 |

**تەواوی راپۆرتەکە باسکردنە، هەرچەندە لە هەندێك حاڵەتدا رەنگە روونکردنەوەی بەرێکەوت پێشنیارکرابێت. شیکردنەوەیەکی گشتگیر بۆ هۆکارەکانی پشت پێشکەوتن یان پێشنەکەوتن لە بواری دیاریکراودا، و ستراتیژیەتی شیاو بۆ خێراکردنی بەدیهێنانی مافەکانی منداڵ لە هەرێمی کوردستان، پێویستی بە شیکردنەوەو زانیاری زیاتر هەیە لەلایەن گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان، هەر لە حکومەتەوە تا رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو نێودەوڵەتیەکان، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی بێبەشکردنی منداڵان و ئاستەنگەکانی رێگرن لە چارەسەرکردنیان.**

.


# دەرەنجامەکان

## مردنی منداڵ

ڕێژەکانی مردن کە لەم بەشەدا پێشکەش دەکرێت هەژمارکراوە لە زانیاری کۆکراوە لە مێژووەکانی لەدایکبوون لە پرسیارنامەکانی ئافرەتان لە رووپێوی MICS4. پرسیار لە ئافرەتانی گرووپی تەمەن نێوان 15-49 ساڵان کرا دەربارەی ئایا هیچ منداڵیان بووە، وە ئەگەر بووە، پرسیاریان لێکرا دەربارەی ژمارەی کوڕو کچەکانی لەگەڵیاندا دەژین، ژمارەی ئەوانەی لە شوێنی تر دەژین، لەگەڵ ژمارەی ئەوانەی مردوون. هەروەها پرسیاریان لێکرا دەربارەی مێژووی تێروتەسەلی لەدایکبوونی منداڵەکانیان بە زنجیرە یەك لەدوای یەك کە بە منداڵی یەکەم دەست پێبکات. پرسیار لە ئافرەتان کرا ئایا منداڵەکانیان تاك بوون یان زیاتر، رەگەزی منداڵەکە، بەرواری لەدایکبوونی (مانگو ساڵ)، زیندووە یان مردووە، تەمەنی منداڵەکە لە بەرواری چاوپێکەوتنەکە ئەگەر زیندوو بێت، وە تەمەن لەکاتی مردن بۆ هەر لەدایکبوویەکی زیندوو. لەبەر ئەوەی هۆکارە سەرەکییەکانی مردنی منداڵ دەگۆرێت وەك تەمەنی منداڵ، زیاتر بەهۆی فاکتەری بایۆلۆجیو ژینگەیی، ڕێژکانی مردنی منداڵان بەپێی گرووپی تەمەن نیشاندەدرێتو بەشێوەیەکی ئاسایی بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسە دەکرێت:

- مردنی تازە لەدایکبووان: ئەگەری مردن لە ماوەی مانگی یەکەمی ژیان.
- مردنی دوای لەدایکبوونی تازە: جیاوازی نێوان مردنی منداڵو منداڵی تازە لەدایکبوو.
- مردنی منداڵی خوار یەك ساڵ : ئەگەری مردن لە نێوان لەدایکبوونو ساڵی یەکەم.
- مردنی منداڵی نێوان یەك تا پێنج ساڵ: ئەگەری مردن لە نێوان تەمەنی یەك بۆ پێنج ساڵ.
- مردنی منداڵی خوار پێنج ساڵ: ئەگەری مردن لە نێوان لەدایکبوونو پێنج ساڵ.

شێوە 1: ڕێژەکانی مردن 2011





ڕێژەکانی مردن لێرەدا نیشاندراوە بە ژمارەی مردووەکان لە هەر 1000 لەدایکبووی زیندوو، جگە لە حاڵەتی مردنی منداڵی نێوان یەك تا پێنج ساڵ، کە بە ژمارەی مردووەکان بۆ هەر 1000 لەدایکبووی زیندوو تا تەمەنی یەك ساڵی. شێوە 1 ڕێژەکانی مردنی منداڵانی خوار پێنج ساڵو خوار یەك ساڵو تازە لەدایکبوو لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوو بەر لە ئەنجامدانی رووپێوەکە نمایش دەکات، واتا ڕێژەی مەزندەکراو تا نزیکەی ناوەڕاستی 2008 نیشاندەدات. مردنی منداڵی خوار پێنج ساڵ لە هەرێمی کوردستان 32 لە هەر 1000 لە دایکبووی زیندووە لە کاتێکدا لە بەشەکانی تری عیراقو عیراق بەگشتی بەرزترە: 38 و 37 لە هەر 1000 لەدایکبووی زیندوو یەك لە دوای یەك.


ئەم جیاوازییە جوگرافیانە چونیەکن بۆ منداڵی خوار یەك ساڵ کە 28 مردنە لە هەر 1000 لەدایکبووی زیندوو لە هەرێمی کوردستانو 32 لە عیراق. لەگەڵ ئەوەش جیاوازییەکان لە ڕێژەکانی مردنی منداڵی تازە لەدایکبوو بۆ بچووکترین گرووپ بوونی نییە لە کاتێکدا لە گشت ناوچە جوگرافیەکان ڕێژەکەی 20 مردنە لە هەر 1000 لەدایکبووی زیندوو. ئەم ژمارانە ئاماژە دەکەن کە زیاتر لە 85٪ی مردن لە نێوان منداڵانی خوار تەمەن پێنج ساڵ بریتیە لە مردنی منداڵ لە خوار تەمەنی یەك ساڵ، و لە هەرێمی کوردستان 66٪ی مردنی خوار تەمەن پێنج ساڵ لە ماوەی مانگی یەکەمی ژیان ڕوودەدات، واتا لە ماوەی تازەلەدایکبوون، لە کاتێکدا لە بەشەکانی تری عیراق دەگاتە 53٪.

دەکرێت ئاڕاستەکانی مردن هەژماربکرێت بە بەکارهێنانی زانیاریەکانی ڕووپێوی (MICS4)، کە پێنج ماوە لە پێنج ساڵی بەر لە ساڵی ئەنجامدانی ڕووپێوەکە کە 2011 یە دەگرێتەوە. شێوە 2 ئاڕاستەکانی مردنی منداڵی خوار تەمەن پێنج ساڵو تازە لەدایکبووان نیشاندەدات بۆ ناوەڕاستی ساڵی ماوەی پێنج ساڵەکە. هەر لە ساڵی 1988 ەوە ڕێژەکانی مردنی منداڵی خوار تەمەن پێنج ساڵ کەمیکردووە بۆ 60٪، لە 74 بۆ 32 مردن لە هەر 1000 لەدایکبووی زیندوو، هەروەها مردنی تازە لەدایکبووان دابەزیوە بەرێژەی 45٪، لە 21 بۆ 35.

**شێوە 2: ڕێژەکانی مردن لە 1998-2008 لە هەرێمی کوردستان ( بە پێی مێژووی لە دایکبوون، MICS4 )**




زۆربەی دابەزینەکان هەر لە دوای جەنگی کەنداوی یەکەم ڕوویدا، لە 1993 و دواتر. سلێمانیو دهۆك هەمان نموونە نمایش دەکەن بۆ هەرێمی کوردستان، تەنانەت بە پێشکەوتنێکی کەمێك خێراتر. پێشکەوتنێکی بەرچاو بەدیکراوە لە مردنی منداڵی خوار تەمەن 5 ساڵ لە سلێمانی، لە 70 بۆ 25. ئەگەرچی ڕێژەی مردنی منداڵی تازە لەدایکبوو کەمترین بوو لە نێوان هەر سێ پارێزگادا (18 لە هەر 1000 لەدایکبووی زیندوو)، بەڵام هێشتا ئەم ڕێژەیە بەرزە لە کاتێکدا 72٪ی ڕێژەی مردنی منداڵی خوار تەمەن 5 ساڵی پێکدەهێنێت.




پێشکەوتن لە هەولێر بە ئاڕاستەیەکی ناهەمواردا دەڕوات. لە سەرەتای ماوەکەدا، لە 1988، دیاربوو کە باشترە لە هەردوو پارێزگای تر، کاتێك مردنی منداڵی خوار تەمەن 5 ساڵو تازە لەدایکبوو 52 و 5 بوون لە هەر 1000 لەدایکبووی زیندوو، یەك لەدوای یەك، رێژەی مردنی خوار تەمەن 5 ساڵ دووقات بەرزبۆوە لە 1993و دواتر دابەزیەوەو راوەستا تا کۆتایی ماوەکە بەرێژەی 51، هەمان رێژە لە 1998. لە 1993، رێژەی مردنی تازە لەدایکبووان پێنج ڤات دابەزی،و وورده وورده بەرزبۆوە تاکو 2003، و لە کۆتاییدا کەمێك باشتر بوو بەگەیشتنی رێژەی 32 مردن لە هەر 1000 لە دایکبووی زیندوو لە 2008. لە هەولێر، مردنی منداڵی تازە لەدایکبوو 63٪ی رێژەی مردنی منداڵی خوار تەمەن 5 ساڵ پێکدەهێنێت کە 51 مردنە لە هەر 1000 لە دایکبووی زیندوو.

# خۆراك پێدان (ڕەوشی خۆراك)

***ڕەوشی خۆراك پێدانی منداڵ***

ڕەوشی خۆراك پێدانی منداڵ وەڵامدانەوەی تەواوی تەندروستی منداڵە. کاتێك منداڵان خۆراکی تەواویان پێدەدرێت، دووچاری نەخۆشبوونی دووبارەبوو نابنەوە، و باش چاودێری دەکرێن، ئەوسا دەگەن بە هۆکارەکانی گەشەکردنو واتا باش خۆراکیان پێدراوە. بەدخۆراکی بەستراوە بە زیاتر لە نیوەی حاڵەتەکانی مردنی منداڵ لە سەرانسەری جیهان. ئەگەری زۆر هەیە ئەو منداڵانەی دووچاری بەدخۆراکی دەبن بمرن بەهۆی نەخۆشیە باوەکانی منداڵان، ئەوانەشی دەژین بەردەوام تووشی نەخۆشی دەبنو گەشەکردنیان ناهەموار دەبێت. سێ چارەکی منداڵان کە بەهۆکاری پەیوەست بە بەدخۆراکی دەمرن تەنها تا ڕادەیەکی کەم یان مام ناوەند بەدخۆراکیان هەبووە – هیچ هێمایەکی دیار لە بوونی مەترسی لەسەریان نیشان نەدراوە. ئامانجێکی پەرەپێدانی هەزارەیی کەمکردنەوەی ڕێژەی ئەو خەڵکەی بەدەست برسێتیەوە دەناڵێنن لە نێوان 1990 و 2015 بۆ نیوە. کەمکردنەوەی بەربڵاوی بەدخۆراکی یارمەتیدەر دەبێت لە بەدیهێنانی ئامانجی کەمکردنەوەی مردنی منداڵان.

شێوە 3: ڕێژەی منداڵانی خوار 5 ساڵی کە دووچاری کەم کێشیو گەشەنەکردن و سستبوون بوونە لە عیراق، 2011





کەمی کێش پێوەرێکە بۆ بەدخۆراکی سەختو درێژخایەن. گەشەنەکردن بەرچدانەوەی بەدخۆراکی درێژخایەنە لە دەرەنجامی پێنەدانی خۆراکی تەواو بۆ ماوەیەکی درێژو نەخۆشی درێژخایەنو دووبارەبۆوە. لە کۆتایی، سستبوون دەرەنجامی کەمی خۆراکە لە ئێستادا. ڕەنگە ئەم نیشاندەرە گۆڕانکاری وەرزی گرنگ بخاتەڕوو بەهۆی گۆڕانکاری لە بوونی خۆراکیان بەربڵاوی نەخۆشی. لە ڕووپێوی (MICS) کێشو درێژی گشت منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵ پێوانەکرا بە بەکارهێنانی ئامێری ئەنسرۆپۆمەتریك کە لە لایەن ڕێکخراوی یونسیف (UNICEF) پێشنیارکرا (http://www.childinfo.org).

دەرەنجامەکانی لەم بەشەدا هاتووە پشت دەبەستێت بە دەرەنجامەکانی ئەم پێوانەکردنانە.

پێوانەکانی ئەنسرۆپۆمەترێك نیشان دەدەن کە بەدخۆراکی درێژخایەن بەربلاوترین کێشەی بەدخۆراکیە لە نێو منداڵانی هەرێمی کوردستان هەروەك لە سەرانسەری وولات. نزیکەی 15٪ منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵ دووچاری گەشەنەکردن بوونە لە هەرێمی کوردستان، 6٪ بەسەختی گەشەیان نەکردووە. لە پارێزگاکانی ناوەڕاستو باشووری عیراق نزیکەی یەك لە هەرە چوار منداڵی خوار تەمەن 5 ساڵ دووچاری گەشەنەکردن بووە، و 10٪ بە سەختی گەشەیان نەکردووە. ڕێژەی 7٪ی منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵ لە هەرێمی کوردستان دووچاری کەمی کێش بوونەو 5٪ سستبوونە. ڕێژەکان لە بەشەکانی تری عیراق بەرزترن لە کەمی کێشو سستبوونی منداڵان، ئەگەرچی جیاوازیەکە تا رادیەکە کەمە.


شێوە 4 رەوشی خۆراك پێدان بە منداڵان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان نمایش دەکات. لە هەر پارێزگایەك، گەورەترین کێشەی بەدخۆراکی درێژخایەن گەشەنەکردنە، هەرچەندە جیاوازی بەرچاو هەیە لە نێوان سلێمانی لە لایەك، کە تیایدا 10٪ منداڵانی خوار 5 ساڵ دووچاری گەشەنەکردن بوونە،و دهۆكو هەولێر لە لایەکی ترەوە، کە 19٪ و 17٪ی منداڵانی خوار 5 ساڵ دووچاری گەشەنەکردن بوونە. نزیکەی 40٪ی سەرجەم منداڵانی دووچاری گەشەنەکردن بوونە بەسەختی تووشبوونە.



نیشاندەرەكانی تری بەدخۆراكی نیشان دەدەن كە هەولێر بەرزترین ڕێژەی بەدخۆراكی لە منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵ هەیە: 10٪ كەمی كێشیان هەیە، 7٪ سستبوونیان هەیە. دوو لەسەر سێی ئەو منداڵانەی كەمی كێشو سستبوونیان هەیە دووچاری بەدخۆراكی سەخت بوونە. نزیكەی 6٪ی منداڵان لە دهۆك كەمی كێشیان هەیەو 4٪ سستبوونیان هەیە. لە سلێمانی ڕەوشەكە باشترە بە بوونی 4٪ و 3٪ لە منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵ كە دووچاری كەمی كێشو سستبوون بوونە یەك لەدوای یەك.

پێشكەوتنی بەدیكراو لە كەمكردنەوەی بەدخۆراكی لە شێوە 5 دیارە، كە تیایدا نیشاندەرەكان هەژماركراون بە بەكارهێنانی ڕێبازی جیاواز بەمەبەستی ئەنجامدانی بەراووردكردن لە نێوان دەرەنجامەكانی (MICS3)و (MICS4). هەر لە ساڵی 2006، ئاڕاستەیەكی دابەزیوو لە بەدخۆراكی هەیە لە هەرێمی كوردستان. لە پارێزگای هەولێر زۆرترین دابەزینی جێگیر لە ڕێژەی منداڵانی تووشبوو بە گەشەنەكردنو سستبوون دەبینیرێت، لە كاتێكدا ڕێژەی كەمی كێش لە دهۆك نزیكەی بوو بە نیوە. ڕێژەكانی منداڵانی تووشبوو بە بەدخۆراكی لە سلێمانی وەك خۆیان ماوەنەتەوە ئەگەرچی لە ئاستی زۆر نزمدان.

شێوە 5: پەرەسەندنی بەدخۆراكی لە نێوان منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵ
لە پارێزگاكانی كوردستان 2006-2011 (پێوەری NCHS )




# شیردانی سروشتی

شیردانی سروشتی بۆ چەند ساڵی یەکەمی تەمەن منداڵان دەپارێزێت لە نەخۆشی، و سەرچاوەیەکی نموونەیی ماددەی خۆراکی پێدەبەخشێت، و ئابووریو سەلامەتترە. بەڵام زۆر زوو لە دایکان زۆر زوو لەشیردانی سروشتی دەوەستنو زۆرجار روودەکەنە بەکارهێنانی شیری منداڵان، کە رەنگە ببێتە هۆی گەشەکردنی ناهەموارو بەدخۆراکی بەهۆی ووردەخۆراکەوە، هەروەها جێی دڵنیایی نییە ئەگەر بێتو ئاوی خاوێن بەردەست نەبێت.

رێکخراوی تەندروستی جیهان (WHO)و یونسیف (UNICEF) رادەسپێرن کە بە تەنها شیردانی سروشتی بدرێت بە منداڵ لە شەش مانگی یەکەم، شیردانی سروشتی بەردەوام بۆ ماوەی دوو ساڵ یان زیاتر، دڵنیابەخشە، گونجاوەو خۆراکی تەواوکەری تەواوی تێدایە لە سەرەتای 6 مانگی یەکەم، هەروەها پێدانی خۆراکی تەواوکەری رۆژانە دووجار لە تەمەنی 6-8 مانگی، و رۆژانە سێ جار لە تەمەنی 9-11 مانگی.


شێوە 6 ووردکاری نموونەی شیردانی سروشتی لە هەرێمی کوردستان نیشان دەدات بەپێی تەمەنی منداڵ بە مانگ. نزیکەی 30٪ی منداڵانی تەمەن 0-2 مانگ بە تەنها شیری دایکیان پێدەدرێت، بەڵام لە نێوان منداڵانی 3-5 مانگ ئەم رێژەیە نزیکەی نیوە دەبێت. لە تەمەنی شەش مانگی، رێژەی منداڵانی تەنها شیری دایکیان پێدەدرێت بێ بایەخە. نزیکەی 15٪ی منداڵان هەرگیز شیری دایکیان پێنەدراوەو نزیکەی 40٪ هەردوو جۆری شیری دایكو شیری گیراوەیان پێدەدرێت. لە تەمەنی دوو ساڵی، 70٪ی منداڵان هەرگیز شیری دایکیان پێنادرێتو نزیکەی 30٪ شیری دایكو خۆراکی تریان پێدەدرێت.

شێوە 6: نموونەکانی پێدانی شیری دایك لە نێوان منداڵانی تەمەن 0-2 ساڵی لە هەرێمی کوردستان، 2011




دەرەنجامەکان نیشان دەدەن کە ژمارەیەکی کەم لە منداڵانی هەرێمی کوردستان بەپێی پراکتیزە راسپاردراوەکان خۆراکیان پێدەدرێت. سەرەڕای ئەمەش، هەروەك لە شێوە 7 روونکراوەتەوە، بەرەوپێشچوونێك بەدیکراوە لە بەتەنها پێدانی شیری دایك لە چەند ساڵی رابردوودا. لە سەرانسەری کوردستان رێژەی منداڵانی تەمەن 0-5 مانگ کە بە تەنها شیری دایکیان پێدەدرێت نزیکەی دووقات بەرزبۆتەوە، لە 12٪ لە 2006 بۆ 20٪ لە 2011. زۆری ئەم بەرەوپێشچوونە لە پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی بەدیکراوە. هەر لە 2006، رێژەی بە تەنها پێدانی شیری دایك لە هەولێر سێ قات بەرزبۆتەوە لە کاتێکدا لە سلێمانی نزیکەی دووقات بەرزبۆتەوە. بەڵام هیچ پێشکەوتنێك لە دهۆك نەبینراوە کە ئەگەرچی باشترین رێژەکانی لە 2006 نیشانداوە، بەڵام لە ئێستادا نزمترین رێژەی منداڵانی خۆراك پێدراو بەپێی راسپاردە ستاندەردەکان نیشان داوە. لە بەشەکانی تری عیراق شیردانی سروشتی بە ئاڕاستەیەکی داکشاو دەڕوات کە لە پارێزگاکانی ناوەڕاستو باشووری عیراق لە 27٪ی منداڵانی خوار تەمەن 6 مانگ کە بە تەنها شیری دایکی پێدرابێت لە 2006 دابەزیوە بۆ 20٪ لە 2011. لە 2011، لە سەرانسەری وولات، تەنها یەك لە هەر پێنج منداڵی تەمەن 0-5 مانگ بە تەنها شیری دایکی پێدراوە.

شێوە 7: بەرزبوونەوەی بەتەنها شیردانی سروشتی بۆ منداڵانی تەمەن 0-5 مانگ، 2011-2006



شێوە 8: بەکارهێنانی خوێی بەیۆدکراو لەلایەن خێزانەکان لە قەزاکانی کوردستان، 2011




## خوێی بەیۆدکراو

نەخۆشیەکانی کەمی یۆد هۆکاری سەرەکی دواکەوتنی عەقڵی کە دەکرێت بەدووربخرێتو گەشەسەندی جووڵەیی لاوازە لە منداڵی بچووک لە جیهان. لە سەختترین شێوازیدا، کەمی یۆد دەبێتە هۆی نەخۆشی کریتینیزم (نەخۆشیەکی زگماکیە دەبێتە هۆی بێ مێشکیو گەشەنەکردنی لەش). هەروەها مەترسیەکانی لەدایکبوونی منداڵ بە مردوویيو لەبارچوون لە ئافرەتانی دووگیان زیاد دەکات. کەمی یۆد بەشێوەیەکی زۆر باوو دیار بەستراوە بە گواتر (ئەستوربوونی لیکەگلاندە). نەخۆشیەکانی کەمی یۆد گەورەترین زیانی لە سستی گەشەکردنی عەقڵی دایە، کە سەرەنجام دەبێتە هۆی لاوازی چالاکی لە قوتابخانە، کەمکردنەوەی توانای تێگەیشتنو هۆشیاری، سستی لە ئەنجامدانی کاردا. ئامانجی نێودەوڵەتی بریتیە لە نەهێشتنی هەمیشەیی کەمی یۆد لە ساڵی 2005. نیشاندەرکە ڕێژەی سەدی خێزانەکانە کە خوێی بەیۆدکراوی تەواو بەکاردەهێنن (بە زیاتر لە 15 پارچە لە هەر ملیۆنێك).

نزیکەی لە هەموو خێزانەکاندا، خوێی بەکارهاتوو بۆ چێشت لێنان پشکنینی بۆ کراوە بۆ ناوەڕۆکی یۆد لە ڕێگای بەکارهێنانی ئامێری پشکنینی خوێ بۆ دەستنیشانکردنی یۆدیدی پۆتاسیۆم یان یۆدی پۆتاسیۆم چونکە خوێ لەگەڵ یەکێکیان لە بازاڕەکانی عیراق هەیە. ڕێژەی خێزانەکانی خوێی بەیۆدکراوی تەواو بەکاردەهێنن لە هەرێمی کوردستانو پارێزگاکانو قەزاکان لە شێوە 8 نیشاندراوە (تیایدا 95٪ ماوەکانی متمانە بۆ پێدانی زانیاری بۆ دەرخستنی تەواو بەهۆی بچووکی قەبارەی نموونەکانی قەزاکان)[3].

[3] هەروەك لە پەراوێزی 1 باسکرا، ماوەکانی متمانە بەدرێژی ئەم ڕاپۆرتە نمایش کراون هەر کاتێك داتاکان لەسەر ئاستی قەزادا بەکاربێن.


تەنها 40٪ی خێزانانی هەرێمی کوردستان خوێی بەیۆدکراوی تەواو بەکاردەهێنن، بەبێ بوونی جیاوازی لە نێوان ناوچە شارنشینو گوندنشینەکان. جیاوازی بەرچاو لە نێوان پارێزگاکاندا هەیە کە 80٪ی خێزانەکان لە دهۆك وەکو پێویست خوێی بەیۆدکراو بەکاردەهێنن، 40٪ لە سلێمانیو کەمتر لە 20٪ لە هەولێر. لە نێو پارێزگاکاندا دەرکەوت کە دەگمەنە خێزانێك لە قەزای پشدەری سەر بە پارێزگای سلێمانی خوێی بەیۆدکراو بەکاربهێنن، هەروەها هەمان شت لە قەزاکانی هەولێر و دەشتی هەولێر.

# تەندروستی منداڵ

## کوتـان

چوارەم ئامانجی پەرەپێدانی هەزارەیی بریتیە لە کەمکردنەوەی مردنی منداڵ بەرێژەی دوو لەسەر سێ لە نێوان 1990و 2015. کوتان رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لەم ئامانجەدا. کوتان ژیانی ملیۆنان منداڵی لە ماوەی سیساڵدا هەر لەگەڵ دەستپێکردنی بەرنامەی فراوانی کوتان لە 1974. لە سەرانسەری جیهاندا تا ئێستا 27 ملیۆن منداڵ فەرامۆشکراون لە کوتانی رۆتینیو لە ئاکامدا ئەو نەخۆشیانەی کە دەکرێت بە کوتان لێیان بەدووربین ساڵانە دەبنە هۆی مردنی زیاتر لە دوو ملیۆن منداڵ.

شێوە 9: منداڵانی تەمەن 18-29 مانگی لە ساڵی یەکەمی تەمەن کوتراون (لە تەمەنی 18 مانگی دژی سورێژە/MMR) لە هەرێمی کوردستان، 2011





بەدیهێنانی جێهانێکی شیاو بۆ ئامانجی منداڵان دەکرێت لە رێگای دەستەبەرکردنی کوتانی تەواو بۆ منداڵانی خوار تەمەن یەك ساڵ بە رێژەی 90٪ لە سەر ئاستی نیشتمانیو لانی کەم 80٪ لە هەر قەزایەك یان یەکەیەکی ئیداری هاوشێوە. بەپێی خشتەی کوتانی نیشتمانی، بەر لە تەواوکردنی ساڵی یەکەمی تەمەن، هەر منداڵێك لە عیراق دەبێت لە رێگای کوتانی رۆتینی بەم جۆرە بکوترێت:

کوتانی بی سی جی (BCG) بۆ پاراستنی لە نەخۆشی سیل، سێ ژەم دی پی تی (DPT) بۆ پاراستنی لە دەردەکۆپان، پێرتۆسیز (کۆکەڕەشە) و تێتانۆس (کۆپانە)، چوار ژەم بۆ ئیفلیجی منداڵان (Polio)، سێ ژەم بۆ هەوکردنی جگەر جۆری B (HepB1) هەروەها کوتان دژی سورێژە لە تەمەنی نۆ مانگیدا. هەروەها کوتانی دژی سورێژە، ملەخرێو سورێژەی ئەڵمانی (MMR) دەدرێت بە منداڵان لە تەمەنی 15 مانگیدا وەك هەوڵی دووەم بۆ پاراستن لە دژی سورێژە، ملەخرێو سورێژەی ئەڵمانی.

بۆ مەزندەكردنی رێژەی منداڵانی تەواو كوتراو، گرووپی منداڵانی تەمەن 12-23 مانگ هەژمارناكرێن بۆ ئەوەی لەدەستنەدانی كوتانی دژی (MMR) كە لە 15 مانگیدا پێیاندەدرێت. بەڵكو، بۆ مەزندەكردنی منداڵانی تەواو كوتراو، منداڵانی تەمەن 18-29 مانگی لەم راپۆرتەدا هەژماركراون. منداڵان بە وەرگرتنی كوتانی تەواو هەژماردەكرێن كاتێك كوتانی BCG، DPT (1-3 ژەم)، Polio (1-3 ژەم)، و HepB (1-3 ژەم) بەر لە تەمەنی 12 مانگی،و سورێژە یان MMR بەر لە تەمەنی 18 مانگی پێدەدرێت.

شێوە 10: پێشكەوتن لە كوتانی منداڵانی تەمەن 18-29 مانگ، هەرێمی كوردستان، 2006-2011





لە هەرێمی كوردستان 97٪ی منداڵانی تەمەن 18-29 مانگ كوتانی (BCG) لە كاتی خۆیدا پێدراوە، و 70٪ سێ ژەمیان پێدراوە دژی هەوكردنی جگەر بەر لە تەواوكردنی ساڵی یەكەمی تەمەن. سێ ژەمەكەی (DPT) درابوو بە 74٪ی منداڵان لە كاتێكدا سێ ژەمەكەی كوتان دژی ئیفلیجی منداڵان درابوو بە 77٪. نزیكەی 84٪ی منداڵان كوتراون دژی سورێژە لە تەمەنی 18 مانگیدا. بەگشتی، نزیكەی دوو سێیەكی منداڵانی تەمەن 18-29 مانگ بەتەواوی كوتراون ل كاتی خۆیدا. پێشكەوتنێكی بەرچاو بەدیهاتووە لە كوتان دژی گشت نەخۆشیەكان لە سەرانسەری هەرێمی كوردستان، جگە لە كوتانی (BCG) كە خۆی هەموو منداڵانی لە هەرێمی كوردستان گرتۆتەوە، هەروەك لە شێوەی 10 دیارە.

## چارەسەرکردنی سکچوون

سکچوون دووەم هۆکاری سەرەکی مردنە لە نێوان منداڵانی خوار تەمەن پێنج ساڵ لە جیهاندا. زۆربەی مردنەکانی منداڵان کە پەیوەستن بە سکچوون بەهۆی ووشکبوونەوە کاتێك لەش برِێکی زۆر ئاوو ئەلکترۆلیت لەدەست دەدات لە رێگەی پیسایی شلدا. چارەسەرکردنی سکچوون – جا لەرێگای خوێیەکانی ریهایدرەیشنی زارەکی (ORS) یان شلەمەنی بەپێی راسپاردە لە ماڵەوە ئامادەبکرێت (RHF) – دەتوانێت رێگربێت لەبەردەم زۆرێك لەم مردنانە. رێگرتن لە ووشکبوونەوەو بەدخۆراکی لە رێگای زیادکردنی برِی شلەمەنیو بەردەوام خۆراك دان بە منداڵ ستراتیژیەتی زۆر گرنگن بۆ چارەسەرکردنی سکچوون.

ئامانجەکان: 1) کەمکردنەوەی رێژەکانی مردن بەهۆی سکچوون لە نێوان منداڵانی خوار تەمەن پێنج ساڵ بۆ نیوە لە 2010 بە بەراورد لەگەڵ 2000 (جیهانێکی شیاو بۆ منداڵان)، 2) کەمکردنەوەی رێژەی مردن لە نێوان منداڵانی خوار تەمەن پێنج ساڵ بەرێژەی دوو لەسەر سێ لە 2015 بە بەراورد لەگەڵ 1990 (ئامانجەکانی پەرەپێدانی هەزارەیی). هەروەها پلانی (جیهانێکی شیاو بۆ منداڵان) بانگەواز دەکات بۆ کەمکردنەوەی روودانی سکچوون بەرێژەی 25٪.

شێوە 11: چارەسەرکردنی منداڵانی خوار تەمەن پێنج ساڵ کە تووشی سکچوون ببون لە عیراق، 2011




لە پرسیارنامەی (MICS)، پرسیار لە دایکان (یان بەخێوکەران) کرا دەربارەی ئایا منداڵەکەیان تووشی سکچوون بووە لە دوو هەفتەی بەر لە ئەنجامدانی رووپێوەکە. ئەگر تووشبوونە، زنجیرەیەك پرسیار لە دایکەکە کرا دەربارەی ئەو خواردنەوەو خواردنانەی دران بە منداڵەکە لە ماوەی نەخۆشیەکەداو ئایا ئەو خواردنو خواردنەوانە زیاتر یان کەمتر بوون لەوەی منداڵەکە بەشێوەیەکی ئاسایی دەیخواردو دەیخواردەوە.


بەگشتی، لە ماوەی دوو هەفتەی بەر لە ئەنجامدانی رووپێوەکە نزیکەی 10٪ی منداڵان تووشی سکچوون ببوون لە هەرێمی کوردستانو 16٪ لە بەشەکانی تری عیراق. لە هەرێمی کوردستان کەمتر لە سێیەکی تووشبوەکان چارەسەری گونجاوی پێدراوە (30٪) لە کاتێکدا لە بەشەکانی تری عیراق تەنها 25٪ چارەسەری گونجاویان پێدراوە. هەروەك شێوە 11 نیشانی دەدات، زۆربەی ئەو منداڵانەی چارەسەریان بۆ کراوە لایانداوە لە چارەسەری راسپێردراو، و یەك لە هەر چوار منداڵی تووشبوو بە سکچوون هەرگیز هیچ چارەسەریەکی پێنەدراوە.

## چارەسەرکردنی هەوکردنی سییەکان بە ئەنتی بایۆتیك

هەوکردنی سییەکان هۆکارێکی سەرەکی مردنی منداڵانەو بەکارهێنانی ئەنتی بایۆتیك بۆ منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵ کە گومانی هەوکردنی سییەکانیان لێدەکرێت چارەسەرێکی سەرەکییە. ئامانجێکی جیهانێکی شیاو بۆ منداڵان بریتیە لە کەمکردنەوەی سێیەکی مردنەکانی لە ئاکامی هەوکردنی سەختی کۆئەندامی هەناسە روودەدات. منداڵانی گومانی هەوکردنی سییەکانیان لێدەکرێت ئەوانە دەگرێتەوە کە گیرۆدەی نەخۆشیەك دەبن کۆکەی لەگەڵەو هەناسەدانی قورسو خێرای بەدوادێتو نیشانەکانی بەهۆی بوونی کێشە لە سینگ یان گیرانی لووت نییە.

لە هەرێمی کوردستان 18٪ی منداڵان نیشانەکانی وەك هەوکردنی سییەکانیان هەبوو لە ماوەی دوو هەفتەی بەر لە ئەنجامدانی رووپێوەکە، بەڵام تەنها 8٪ لە بەشەکانی تری عیراق نیشانەکانیان هەبوو. 61٪ی تووشبووەکان لە هەرێمی کوردستان ئەنتی بایۆتیکیان پێدراوە بەرامبەر بە 69٪ لە بەشەکانی تری عیراق. جیاوازییەکی بچووك هەیە لە نێوان ناوچە شارنشینو گوندنشینەکان لە هەرێمی کوردستان: لە ناوچە شارنشینەکان رێژەی بەرزتر لەو منداڵانەی نیشانەکانی هەوکردنی سیەکانیان هەبووە ئەنتی بایۆتیکیان پێدراوە کە 62٪ ە، بەرامبەر بە 57٪ لە ناوچە گوندنشینەکان.

شێوە 12: رێژەی منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵ کە گومانی هەوکردنی سییان لێدەکرێتو ئەنتی بایۆتیکیان پێدراوە، عیراق، 2011




# ئاوو ئاوەڕۆ

ئاوی خواردنەوەی پاك پێداویستیەکی بنەڕەتییە بۆ تەندروستێکی باش. ئاوی خواردنەوەی پیس ڕەنگە هەڵگرێکی سەرەکی نەخۆشی بێت وەك تراخۆماو کۆلێراو تیفۆئیدو بەلهارزیا. هەروەها ڕەنگە ئاوی خواردنەوە پیسبووبێت بە موادی پیسی کیمیاوی‌و فیزیاوی‌و تیشکی کە کاریگەری زیانبەخشی هەیە لەسەر تەندروستی مرۆڤ. لەگەڵ پەیوەستبوونی بە نەخۆشی، گەیشتن بە ئاوی خواردنەوە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ  ئافرەتان‌و منداڵان، بە تایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکان، کە بەرپرسیاری سەرەکی دەبەن لە هەڵگرتنی ئاو، زۆرجار بۆ دووری زۆر.

ئامانجێکی پەرەپێدانی هەزارەیی بریتیە لە کەمکردنەوەی ڕێژەی دانیشتوان کە بەردەوام ناگەن بە ئاوی خواردنەوەی پاك‌و ئاوەڕۆی سەرەکی بۆ نیوە لە نێوان ساڵانی 1990-2015. ئامانجی جیهانێکی شیاو بۆ منداڵان بانگهێشت دەکات بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی خێزانەکانی ئاوەڕۆی تەندروست‌و ئاوی خواردنەوەی پاکیان نییە بەلانی کەم بە ڕێژەی یەك لەسەر سێ.

ئەو دانیشتوانانەی سەرچاوەکانی ئاوی باشکراو بەکاردەهێنن بریتیە لەوانەی یەکێك لەم جۆرانەی خوارەوە بەکاردەهێنن: ئاوی بۆڕی (بۆ یەکەی نیشتەجێ، کۆمەڵگا، باخچە یان زەوی، شێرەی گشتی/شێرەی وەستاو)، ئاوی بیر، بیری پارێزراو، چاوی پارێزراو، کۆکردنەوەی ئاوی باران‌و ئاوی هەڵڕژاوی بەپێچەوانە.

شێوە 13: ڕێژەی ئەندامانی خێزان کە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی باش بەکاردەهێنن، عیراق، 2011




ئاوی بوتڵ بە سەرچاوەیەکی ئاوی باش دادەنرێت تەنها ئەگەر خێزانەکە سەرچاوەی ئاوی باش بۆ مەبەستی تر بەکاردەهێنن، وەك دەست شووشتنو چێشت لێنان.

تەنها 3٪ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان سەرچاوەکانی ئاوی باشنەکراو بەکاردەهێنن، هەروەك لە شێوە 13 دیارە. جیاوازی هەیە لە نێوان دانیشتوانی شارنشینو گوندنشین، لە کاتێکدا گەیشتن بە سەرچاوەکانی ئاوی باش نزیکە لە ڕێژەی جیهانی، بەڵام نزیکە 10٪ی خەڵکی گوندنشین تا ئێستا سەرچاوەکانی ئاوی باشنەکراو بەکاردەهێنن.

لە هەرماڵێکدا، ئەنجامدەرانی چاوپێکەوتنەکان هەوڵیاندا چڕی کلۆر لە نموونەیەکی ئاوی بەکارهاتوو بۆ خواردن یان چێشت لێنان یان دەست شووشتن بپشکنن. دەرکەوتووە کە بوونی کلۆر لانی کەم 0,5 بەش لە هەر ملیۆنێك ئاو ڕێگری دەکات لەو نەخۆشیانەی لە ئاو دەگوازرێنەوە. لە هەر ماڵێك ئەنجامدەرانی چاوپێکەوتنەکان هەوڵیاندا چڕی کلۆر لە نموونەیەکی ئاوی بەکارهاتوو بۆ خواردن یان چێشت لێنان یان دەست شووشتن بپشکنن. دەرئەنجامەکان رادەگەیەنن کە نزیکەی نیوەی خێزانەکان لە هەرێمی کوردستان ئاوی بێ کلۆر بەکاردەهێنن (بڕوانە شێوە 14)، لە کاتێکدا یەك لەسەر پێنج ئاوی بە کلۆر بەکاردەهێنن کە بڕەکەی کەمترە لە پێویست. لە بەشەکانی تری عیراق، 23٪ خێزانەکان ئاوی بێ کلۆر بەکاردەهێننو 14٪ ئەو ئاوە بەکاردەهێنن کە ئاستەکانی کلۆر تیایدا نزمە (کەمتر لە 0,5 بەش لە هەر ملیۆنێك).

شێوە 14: دابەشکردنی خێزانەکان بەپێی ئاستی کلۆر لە ئاودا، 2011



کەمی کلۆر کێشەیەکی پەیوەندیدارە لە زیاتر لە 40٪ی خێزانەکان لە هەر پارێزگایەکی کوردستان. سلێمانی بەرزترین ڕێژەی خێزانی هەبوو کە کلۆر لە ئاویاندا نییە کە 50٪ بوو. زیاتر لەمەش، شێوە 15 دەریدەخات کە جیاوازی بەرچاو هەیە لە نێوان قەزاکاندا لە سلێمانی: نزیکەی سەرجەم خێزانەکانی خانەقینو ماوەت ئاوی بە کلۆر بەکاردەهێنن، بەڵام کەمتر لە 20٪ لە پشدەرو دەگمەن خێزانێك لە شارباژێڕ بەکاری دەهێنن. قەزاکانی هەولێریش بە هەمان شێو جیاوازی لە نێوانیان هەبوو: ڕێژەی کەمی کلۆر لە ئاو لە خێزانەکانی مەخمورو چۆمانو شەقڵاوە نزیکە لە ڕێژەی کەمی جیهانی، بەڵام کەمتر لە 40٪ی خێزانەکان لە قەزای هەولێر ئاوی بێ کلۆر بەکاردەهێنن.


ئەگەرچی ئەم دەرەنجامانە ئاماژەدەکەن کە نەخۆشیە گوازراوەکانی ناو ئاو ڕێگریان لێنەکراوە لە زۆر خێزان، بەڵام زانیاری زیاتر پێویستە بۆ تێگەیشتنی ئاستی مەترسی. ڕەنگە ئەو ئاوەی لە زۆر خێزاندا پشکنینی بۆ ئەنجامدرا شوێنەواری کلۆری تیادا نەمابووبێت چونکە کلۆرەکە بووە بە هەڵم لەو کاتەی ئاوەکە لە تانکی ئاودا عەمبارکراوە.

شێوە 15: دابەشکردنی خێزانەکان بەپێی نەبوونی کلۆر لە ئاو، قەزاکانی کوردستان، 2011



فرێدانی ناتەواوی پاشماوەی مرۆڤو تەندروستی کەسی پەیوەستە بە ژمارەیەك نەخۆشی لەوانە سکچوونو ئیفلیجی منداڵان. سیستەمی ئاوەڕۆی باش پێناسە دەکرێت کە بریتییە لەو ئاوەڕۆیەی بەشێوەیەکی تەندروست پاشماوەی مرۆڤ لە گەیشتنی بە مرۆڤ جیادەکاتەوە. ئاوەڕۆی باش نەخۆشی سکچوون کەمدەکاتەوە بە زیاتر لە یەك لەسەر سێ،و بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەرییەکانی تەندروستی نەخوازراوی نەخۆشیەکانی تری بەرپرسن لە مردنو نەخۆشی لە نێوان ملیۆنان منداڵ لە وولاتە تازەپێگەیشتووەکان. سیستەمی ئاوەڕۆی باش بۆ رزگاربوون لە پاشماوە سیفۆنو رژانی بۆ ناو بۆڕی سیستەمی ئاورۆ، و تانکی ئاوی پیس، یان ئاودەست، ئاودەستی فوولگە باشکراو کە هەواگۆڕکێی تێدابێت، فوولگەی ئاودەست شوێن پێی هەبێت، و ئاودەستی بێ ئاو. هەروەك شێوە 16 نیشانی دەدات، بەکارهێنانی سیستەمی ئاوەڕۆی باش لە هەرێمی کوردستان نزیکە لە رێژەی جیهانی لە کاتێکدا نزیکەی 9٪ی ئەندامانی خێزانەکان لە ناوەڕاستو باشووری عیراق ئەم سیستەمانەیان نییە.

شێوە 16: رێژەی ئەندامانی خێزان کە سیستەمی ئاوەڕۆی باش بەکاردەهێنن، عیراق، 2011




# تەندروستی زاوزێ

## چاودێری بەر لەدایکبوون

ماوەی بەر لەدایکبوون دەرفەتی گرنگ پێشکەش دەکات بۆ پێدانی ژمارەیەك چارەسەری بۆ ئافرەتی دووگیان کە رەنگە زۆر گرنگ بێت بۆ تەندروستیو خۆشگوزەرانیان هەروەها بۆ منداڵەکانیان. باشتر تێگەیشتنی گەشەکردنی کۆرپەڵەو پەیوەندی بە تەندروستی دایکەوە بۆتە هۆی زیادبوونی هۆشیاری دەربارەی گرنگی چاودێری بەر لەدایکبوون وەك رێگایەك بۆ باشترکردنی تەندروستی منداڵی تازە لەدایکبووو دایکی. بۆ نموونە، ئەگەر لە ماوەی بەر لەدایکبوون دایکانو خێزانەکان دەربارەی نیشانە مەترسیدارەکانو دەربارەی مەترسیەکانی ژان چێشتنو منداڵبوون ئاگاداربکرێنەوە، رەنگە رێگایەك دابین بکات بۆ دڵنیابوون لەوەی ئافرەتە دووگیانەکە بە کردەنی بە یارمەتی پێشکەشکەری چاودێری تەندروستی کارامە منداڵەکەی ببێت. هەروەها ماوەی بەر لەدایکبوون دەرفەتێك دەرەخسێنێت بۆ بەخشینی زانیاری دەربارەی دووری نێوان منداڵبوون کە بە فاکتەرێکی گرنگ دادەنرێت بۆ باشترکردنی بەزیندوو مانەوەی منداڵ.

شێوە 17: رێژەی ئافرەتانی دووگیان لە دوو ساڵی رابردوودا کە لانی کەم چوار سەردانیان بۆ چاودێری بەر لەدایکبوون ئەنجامداوە، 2011




چارەسەرکردنی کەم خوێنی لە ماوەی دووگیانیدا، هەروەها چارەسەرکردنی نەخۆشیە گوێزراوەکانی لەرێگای جووتبووندا دەتوانن بەشێوەیەکی گەورە دەرەنجامەکانی کۆرپەلەو تەندروستی دایك باشتربکەن. دەرەنجامە نەرێنییەکانی وەك کەمی کێشی منداڵ لە کاتی لەدایکبوون دەکرێت کەمبکرێتەوە لەرێگای کۆمەڵێك چارەسەری ئامانجی باشترکردنی رەوشی خۆراك پێدانی دایكو رێگرتن لە نەخۆشی بێت (بۆ نموونە، نەخۆشیە گوێزراوەکانی لەرێگای جووتبووندا) لە ماوەی دووگیانیدا. لەم دواییەدا، گرنگی ماوەی بەر لەدایکبوون وەك دەروازەیەك بۆ خۆپاراستن لە ئایدز و چاودێری، بەتایبەتی رێگرتن لە گواستنەوەی ئایدز لە دایکەوە بۆ منداڵ، بۆتە هۆی بایەخدانی بەردەوام بە وەرگرتنو بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی بەر لەدایکبوون.

رێکخراوی یونسیف (UNICEF)و رێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) رادەسپێرن کە لانی کەم چوار سەردانی بەر لەدایکبوون ئەنجام بدرێت بەگوێرەی پێداچوونەوەی کاریگەری شێوازی جیاوازی چاودێری بەر لەدایکبوون. لەگەڵ ئەمەشدا، تەنها نیوەی ئافرەتانی دووگیان لە عیراق ئەم راسپاردەیان پەیرەوکرد،و 57٪ لە هەرێمی کوردستان (بروانە شێوە 17). جیاوازی بەرچاو لە نێوان پارێزگاکاندا بەدی دەکرێت، کاتێك لە سلێمانیو دهۆك دوو لەسەر سێی ئافرەتانی دووگیان لانی کەم چوار سەردانیان ئەنجامداوە بەمەبەستی وەرگرتنی چاودێری بەر لەدایکبوون، بەڵام تەنها 40٪ لە هەولێر.

هەروەك دیارە لە شێوە 18، جیاوازی بەرچاو هەیە لە نێوان ناوچە شارنشینو گوندنشینەکان لە هەرێمی کوردستان. زیاتر لە 60٪ ئافرەتان لە شارەکانداو نزیکەی 40٪ لە گەوندو لادێکاندا ڕاسپاردەکەیان جێبەجێکردووە. بە هەمان شێوە جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان قەزاکانی هەمان پارێزگادا: لە هەولێر، لە کاتێکدا کەمتر لە 20٪ی ئافرەتانی دووگیان لە مەخمور لانی کەم چوار سەردانیان بەمەبەستی چاودێری بەر لەدایکبوون ئەنجامداوە، زیاتر لە 50٪ لە مێرگەسۆرو سۆران ئەنجامیان داوە. قەزای هەڵەبجە لە سلێمانیو ئامێدی لە دهۆك بەرزترین ڕێژیان تۆمارکردووە کە زیاتر لە 80٪ی ئافرەتان ڕاسپاردەکەیان جێبەجێکردووە.

**شێوە 18: ڕێژەی ئافرەتانی دووگیان لە دوو ساڵی ڕابردوودا کە لانی کەم چوار سەردانیان بۆ چاودێری بەر لەدایکبوون ئەنجامداروە لە قەزاکانی کوردستان، 2011**




## منداڵبوون لە دامەزراوە تەندروستیەکان

بەرزکردنەوەی ڕێژەی منداڵبوون لە دامەزراوە تەندروستیەکان فاکتەرێکی گرنگە بۆ کەمکردنەوەی مەترسیە تەندروستیەکان بۆ دایك و منداڵەکە. هۆشیاری پزیشکی تەواوو هەلومەرجی تەندروست لە کاتی لە دایکبووندا مەترسیەکانی ئاڵۆزبوون (مضاعفات)و نەخۆشی کەمدەکاتەوە کە ڕەنگە ببێتە هۆی نەخۆشبوونو مردنی دایکەکە یان منداڵەکە.


شێوە 19 نیشاندەدات کە لە 2006، 68٪ی ئافرەتانی هەرێمی کوردستان کە لە دوو ساڵی بەر لە ئەنجامدانی ئەم ڕووپێوە منداڵیان بووە، لە دامەزراوەی تەندروستی منداڵیان بووە، بەرامبەر بە 62٪ لە پارێزگاکانی ناوەڕاستو باشووری عیراق. منداڵبوون لە دامەزراوەی تەندروستی هەڵکشا لە 2011 بۆ 85٪ لە هەرێمی کوردستانو 75٪ لە پارێزگاکانی ناوەڕاستو باشووری عیراق. هەمان پێشکەوتن بەدیکرا لە هەر سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان، و هەرچەندە منداڵبوون لە دامەزراوەی تەندروستی لە هەولێر هەڵکشا لە 60٪ لە 2006 بۆ 76٪ لە هەولێر، بەڵام هەولێر کەمترین پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە لە نێوان هەر سێ پارێزگادا.

جیاوازییەکانی نێوان ناوچە شارنشینو گوندنشینەکان شیاوە، هەروەك لە شێوە 20 دا هاتووە: نزیکەی 90٪ی ئافرەتانی شار لە هەرێمی کوردستان لە دامەزراوەی تەندروستی منداڵیان بووە، بەڵام نزیکەی 75٪ لە گوندو لادێکان. هەروەها جیاوازییەکان لە ناو هەمان پارێزگادا ڕوونو ئاشکرایە. زۆربەی قەزاکانی دهۆك ڕێژەکانیان دەگاتە زیاتر لە 80٪، تەنانەت نزیك لە 100٪ لە زاخۆو سمێلو دهۆك، بەڵام لە بەردەڕەش نزیکەی 70٪ی ئافرەتان لە دامەزراوەی تەندروستی منداڵیان دەبێت.

شێوە 19: بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئافرەتان کە لە دوو ساڵی ڕابردوو لە دامەزراوەی تەندروستی منداڵیان بووە، 2006-2011




شێوە 20: ڕێژەی ئافرەتانی منداڵیان بووە لە دوو ساڵی ڕابردوو لە دامەزراوەی تەندروستی، قەزاکانی هەرێمی کوردستان، 2011



## بەپیتیو مەنع کردن

بەکارهێنانی ئێستای شێوازەکانی مەنع کردن پێناسەدەکرێت بە رێژەی ئەو ئافرەتانەی رایانگەیاندووە کە شێوازی پلاندانانی خێزانیان بەکارهێناوە لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا. لە رووپێوی (MICS4) عیراق، تەنها ئافرەتانی هاوسەرگیریان کردووە لە کاتی ئەنجامدانی رووپێوەکە پرسیاریان لێکرا دەربارەی بەکارهێنانی ئێستای شێوازەکانی مەنع. دوو لەسەر سێی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان شێوازەکانی مەنع کردن بەکاردەهێنن برامبەر بە نیوەی ئەم رێژەیە لە پارێزگاکانی ناوەڕاستو باشووری عیراق. ئەم دەرەنجامانە بە ئاراستەکانی رێژەی منداڵبوونی هەرزەکارانە کە لە خشتەی 4 نمایشکراوە، کە هەر 1000 ئافرەتێك لە تەمەنی 15-19 ساڵدا 39 منداڵی زیندووی دەبێت، ئەم رێژەیە بەرزدەبێتەوە بۆ 90 لە پارێزگاکانی ناوەڕاستو باشوورو بۆ 82 لە سەرانسەری عیراق.

پێداویستی دابیننەکراو بۆ شێوازەکانی مەنع کردن ئاماژە دەدات بۆ ئافرەتانی بەپیت کە هیچ شێوازێکی مەنع کردن بەکارناهێنن، بەڵام هیوادارن منداڵبوونی دواتر دوابخەن (ماوە دوورخستنەوە) یان هیوادارن بە تەواوی لە منداڵبوون بوەستن (سنووردارکردن). پێداویستی دابیننەکراو لە رووپێوی (MICS) دەستنیشانکراوە بە بەکارهێنانی کۆمەڵێك پرسیار کە رەفتارو باشترەکانی پەیوەست بە بەکارهێنانی شێوازەکانی مەنع کردن،و باشترەکانی بەپیتی دەهێنێتەدەرەوە. لە هەموو ناوچەکانی عیراق کە لە خشتە 4 هاتووە، 8%ی ئافرەتان پێداویستییەکانی مەنع کردنی دابیننەکراوە.

خشتە 3: دەرەنجامەکانی بژاردەیەك لە نیشاندەرەکانی تەندروستی زاوزێ، 2011


| | هەرێمی کوردستان | عیراق | ناوەڕاستو باشوور | |
|---|---|---|---|---|
| رێژەی منداڵبوون لە ناو هەرزەکاران (15-19 ساڵ) | 39 | 82 | 90 | لە هەر 1000 |
| رێژەی بەربلاوی شێوازەکانی مەنع کردن | 65 | 52 | 50 | رێژەی سەدی |
| پێداویستییە دابیننەکراوەکان | 8 | 8 | 8 | رێژەی سەدی |

# خوێندەواری و فێربوون

## خوێندەواری لە نێوان ئافرەتانی لاو

یەكێك لە ئامانجەكانی جیهانێكی شیاو بۆ منداڵان جەختكردنە لەسەر خوێندەواری پێگەیشتووان. هەروەها خوێندەواری پێگەیشتووان نیشاندەرێكی ئامانجەكانی پەرەپێدانی هەزارەییە، بۆ پیاوان و ئافرەتان. لە رووپێوی (MICS)، لەبەر ئەوەی تەنها پرسیارنامەی ئافرەتان بەرێوەچوو، دەرەنجامەكان پشت دەبەستێت تەنها بە ئافرەتانی تەمەن 15-24 ساڵ. هەڵسەنگاندنی خوێندەواری پەیوەست بوو بە توانای ئافرەتان لەسەر خوێندنەوەی رستەیەكی سادەی كورت یان چوون بۆ قوتابخانە.

شێوە 21: بەرزبوونەوەی رێژەی خوێندەواری لە نێوان ئافرەتانی لاوی تەمەن 15-24 ساڵ، 2011





هەرێمی كوردستان هەنگاوی بەرچاوی ناوە هەر لە ساڵی 2006 ەوە كە نزیكەی دوو لەسەر سێی ئافرەتانی لاو خوێندەواربوون. دوای پێنج ساڵ، 78٪ی ئافرەتانی لاو خوێندەوارن (بڕوانە شێوە 21). گەورەترین پێشكەوتن لە دهۆك روویدا كە لە 53٪ هەڵكشا بۆ 68، و لە سلێمانی لە 74٪ بۆ 89٪. سەرەڕای ئەوەی پارێزگاكانی ناوەڕاست و باشوور لە 2006 هەمان رێژەی خوێندەواریان هەبوو لە ئافرەتانی لاو، بەڵام رێژەكان وەك خۆیان مانەوە تاكو 2011.

## چوونە بەرخوێندن

گەیشتنی جیهانی بە فێربوونی بنەڕەتیو بەدیهێنانی فێربوونی سەرەتایی لەلایەن منداڵانی جیهان یەکێك لە ئامانجە هەرە گرنگەکانی ئامانجەکانی پەرەپێدانی هەزارەیی‌و جیهانێکی شیاو بۆ منداڵان. فێربوون داواکارییەکی بنەڕەتییە بۆ نەهێشتنی هەژاری، بەهێزکردنی ئافرەت، پاراستنی منداڵ لە کاری مەترسیدارو چەوسانەوەو ئیستغلالکردنی سێکسی، برەودان بە مافەکانی مرۆڤو

**شێوە 22 : بەرزبوونەوەی ڕێژەی چوونە بەر خوێندنی سەرەتایی،** 2006-2011





دیموکراسی، پاراستنی ژینگەو کاریگەری دروستکردن لەسەر گەشەی دانیشتوان.

شێوەی 22 و 23 تێکڕای ڕێژەی چوون بۆ قوناغی سەرەتایی‌و ناوەندی لە 2006و 2011 نیشاندەدات (هێڵە شینەکان)، و پۆلینکردنی بەپێی ڕەگەز (هێڵە ئاسۆییەکانی ڕەنگ پرتەقاڵی‌و زەرد). ڕێژەی چوون بۆ قوتابخانەی سەرەتایی لە هەرێمی کوردستان 95٪ بوو لە 2006و بە هەمان ڕێژە مایەوە لە 2011. پارێزگاکانی ناوەڕاستو باشوور پێشکەوتنیان بەخۆوەبینی لە 85٪ لە 2006 بۆ نزیکەی 90٪ لە 2011. یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی باشتربووە هەروەك لە کەمبوونەوەی بۆشایی نێوان کوڕانو کچان دەردەکەوێت. بەشێوەیەکی بەرچاو، پێشکەوتنەکە بەگشتی لە ئاکامی بەرزبوونەوەی ڕێژەی چوونە بەرخوێندن دێت لە ناو کچان. لە هەرێمی کوردستان، بۆشایی جۆری کۆمەڵایەتی بە هەمان شێو کەمبۆتەوە بە تایبەتی لە پارێزگای هەولێر.


چوون بۆ قوناغی دواناوەندی بەشێوەیەکی بەرچاو کەمتربوو لە 2006، کە نزیکەی نیوەی ڕێژەی چوون بەرخوێندن لە قۆناغی سەرەتایی لە سەرانسەری عیراق. لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی چوون بۆ قۆناغی دواناوەندی بەرزبۆوە بۆ 70٪، لە بەشەکانی تری وولآتدا ڕێژەکە زۆر بە کەمی زیادیکردو لە ژێر 50٪ مایەوە. بەشێوەیەکی دیار بۆشایی جۆری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان دەگمەنە، بەڵام تا ئێستا بوونی هەیە لە پارێزگاکانی ناوەڕاستو باشوور، ئەگەرچی قەبارەکەی بچووکترە لە هی 2006. بە تێروانین لە هەر سێ پارێزگا، سلێمانی گەورەترین پێشکەوتنی بەدیکردووە: ڕێژەی چوون بۆ قۆناغی دواناوەندی لە 50٪ لە 2006 بۆ 80٪ لە 2011 هەڵکشاوە.

سەرەڕای ئەوەی لە هەرێمی کوردستان بۆشایی جۆری کۆمەڵایەتی نییە سەبارەت بە چوونە بەرخوێندن، هەروەك لە شێوە 22و 23ی سەرەوە دیارە، بلاّم رەوشەکە دەگۆڕێت کاتێك چوونە بەرخوێندن بۆ گشت منداڵان لە تەمەنێکی دیاریکراودا: لە تەمەنی 12-17ی ساڵی، واتا، چوونە بەرخوێندن لە تەمەنی قۆناغی دواناوەندی لەبەرچاو دەگیرێت. شێوە 24 نیشانی دەدات کە 18٪ی گشت منداڵانی تەمەن 12-17 ساڵ لە هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی قوتابخانەنو 10٪ تا ئێستا لە قۆناغی سەرەتاییدان. ڕێژەی چوونە بەرخوێندن لە نێوان کوڕانو کچان وەك یەکە (73٪و 71٪)، بەڵام 22٪ی کچان لە دەرەوەی قوتابخانەن بەرامبەر بە 15٪ لە کوڕان. یەك لەسەر سێی منداڵانی تەمەن 12-17 ساڵ لە ناوچە گوندنشینەکان لە دەرەوەی قوتابخانەن بەرامبەر بە 14٪ لە ناوچە شارنشینەکان. لە پارێزگاکاندا، لە شێوە 24 دەبینین کە جیاوازییەکان لە چوون بۆ قۆناغی دواناوەندی بەهۆی ئەوەیە کە منداڵان لە دەرەوەی قوتابخانەن نەوەك تا ئێستا لە قۆناغی سەرەتایی دابن.

شێوە 23 : بەرزبوونەوەی ڕێژەکانی چوون بۆ قوتابخانەی دواناوەندی 2006-2011





شێوە 24: چوونە بەرخوێندن لە نێوان منداڵانی تەمەن 12-17 ساڵ، هەرێمی کوردستان، 2011



## زوو بەشوودان

مافی ڕەزامەندی "ئازادو تەواو" بۆ هاوسەرگیریکردن لە جاڕی جیهانی مافەکانی مرۆڤ دانپیێنراوە – لەگەڵ دانپێنان بەوەی کە ڕەزامەندی "ئازادو تەواو" نابێت کاتێك یەکێك لە لایەنەکانی هاوسەرگیری بەتەواوی پێنەگیشتووە تاکو بڕیاری دروست بدات لەسەر هاوسەری ژیانی. هاوسەرگیری منداڵان پێشێڵکردنی مافەکانی مرۆڤە، کە کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی کچان دەبێتو زۆرجار زوو دووگیانبوونو دابڕینی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە، هەروەها بە فێربوونێکی کەم سروشتی هەژاری بەهۆی جۆری کۆمەڵایەتی پتەوتردەکات. لە زۆر شوێنەکانی جیهان، دایكو باوکان هانی شووکردنی کچەکانیان دەدەن لە کاتێکدا هەر منداڵن بە هیوای ئەوەی ئەم هاوسەرگیرییە سوودیان پێبگەینێت لە ڕووی دارایی‌و کۆمەڵایەتییەوە، هەروەها ئەرکی دارایی سەرشانی خێزانەکە کەمدەکاتەوە. ئەو ئافرەتانەی هاوسەرگیرییان کردووە بەر لە تەمەنی 18 ساڵی ئارەزوو دەکات منداڵی زیاتر ببێت لەو ئافرەتانەی درەنگتر هاوسەرگیری دەکەن. مردنی پەیوەست بە دووگیانی ناسراوە بەوەی هۆکارێکی سەرەکی مردنی کچانی شووکردووو شوونەکردوو لە نێوان تەمەنی 15و 19 ساڵی. ئەو فاکتەرانەی کاردەکەنە سەر ڕێژەکانی هاوسەرگیری منداڵان بریتیە لە: باری سیستەمی تۆماری شارستانی لە وڵات، کە تیایدا سەلماندنی تەمەن بۆ منداڵان هاتووە، و بوونی چوارچێوەی یاسایی تەواو هاوشانی میکانیزمێکی کارا بۆ بەرەنگاربوونەوەی حاڵەتەکانی هاوسەرگیری منداڵان، و بوونی یاسای عورفی یان ئایینی کە چاوپۆشی لەم جۆرە پراکتیزانە دەکات.




شێوە 25: ئاڕاستەی زوو بەشوودان لە نێوان ئافرەتانی 15-19 ساڵ، 2006-2011

ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 15-19 ساڵ کە هاوسەرگیرییان کردووە جێگیر ماوەتەوە لە سەرانسەری وڵات، بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان کە تیایدا یەك لە هەر دە ئافرەتی تەمەن 15-19 ساڵی هاوسەرگیری کردووە. لە پارێزگاکانی ناوەڕاستو باشووری عیراق، ئەو ڕێژەیە وردە وردە بەرزبۆوە (بڕوانە شێوە 25). زوو بەشوودان لە هەرێمی کوردستان بەرێژەی سێ ‌قات باوترە لە نێوان خێزانە هەژارترینەکانو خاوەن داهاتی مامناوەند (شێوە 26). تەنها 4٪ لە ئافرەتانی تەمەن 15-19 ساڵی کە لە دەوڵەمەندترین پێنج چینی جیهان دەژین هاوسەرگیریان کردووە. هەروەك پێشبینی دەکرێت، زوو بەشوودان پەرەپێدانی فێربوونی

ئافرەتی لاو دەخاتە ژێر هەڕەشەوە: لە نێوان ئافرەتانی 15-19 ساڵ کە بڕوانامەی فەرمیان نییە، یەك لە هەر چوار ئافرەت هاوسەرگیری کردووە. ئەوانەی بڕوانامەی سەرەتاییان هەیە، رێژەکە کەمتر دەبێتەوە بۆ یەك لە هەر پێنج ئافرەت. هەروەها زۆر زیاتر کەمدەبێتەوە لە نێوان ئافرەتانی بڕوانامەی دواناوەندی یان بەرزتریان هەیە (6٪).


شێوە 26: رێژەی ئافرەتانی تەمەن 15-19 ساڵ تازە شوویان کردووە بەپێی پێنج چینی ئابووری و ئاستی خوێندن، هەرێمی کوردستان، 2011



## خەتەنەکردنی مێینە

خەتەنەکردنی مێینە (FGM/C) بریتیە لە بڕینی بەشێك یان هەموو بەشی دەرەکی ئەندامی زاوزێی مێینە یان برینداركردنی ئەندامەکانی تری زاوزێی مێینە. ئەم کردارە هەمیشە ئازاربەخشەو ئاڵۆزبوونی دەستبەجێی لەگەڵدا دەبێت لەوانە ئازاری زۆر سەخت، شۆکبوون، میزگران، بریندار‌بوونی ئەندامەکانی زاوزێو شانە نزیکەکان. ئاڵۆزبوونی تر بریتیە لە ژەهراویبوونی خوێن، نەزۆکی، سەختی منداڵبوون، تەنانەت مردنیش. خەتەنەکردنی مێینە پێشێڵکردنێکی بنەڕەتی مافەکانی مرۆڤە.

شێوە 27: بەربلاوی خەتەنەکردنی مێینە لە نێوان ئافرەتانی 49-15 ساڵو ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی بەردەوامی ئەم کردارەیان لا پەسەندە، بەپێی ئاستی خوێندن، هەرێمی کوردستان، 2011




لە سەرانسەری عیراق، 8٪ی ئافرەتانی تەمەن 49-15 ساڵ ڕایانگەیاند کە دووچاری شێوازێك لە شێوازەکانی خەتەنەکردن بوونە. بەڵام ئەم پراکتیزە بەزۆری لە هەرێمی کوردستان بەدی دەکرێت، کە تیایدا 43٪ی ئافرەتان دووچاری ئەم کردارە بووینە. 55٪ی ئەوانەی بڕوانامەی فەرمیان نییە، 48٪ی ئەوانەی تەنها چووینە قۆناغی سەرەتایی، و 33 ٪ لە نێوان ئەوانەی قۆناغی دواناوەندی یان بەرزتر تەواوکردووە دووچاری خەتەنەکردن بوونە.

11٪ی ئافرەتانی 49-15 ساڵ پێیان باشە ئەم کردارە بەردەوام بێت لە هەرێمی کوردستان، ئەمە ڕایەکە پەیوەستە بە ئاستی ڕۆشنبیری ئافرەتان: نزیکەی 25٪ی ئافرەتان کە هیچ بڕوانامەیەکی فەرمیان نییە بەردەوامی ئەم کردارەیان لا پەسەندە، بەڵام کەمتر لە 2٪ لەوانەی بڕوانامەی دواناوەندی یان بەرزتریان بەدەستهێناوە لایان پەسەندە.

کرداری خەتەنەکردنی مێینە بەشێوەیەکی سەرەکی لە پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی هەیە، کە زیاتر لە 55٪ی ئافرەتان دووچاری بوونە. لە پارێزگای دهۆك، خەتەنەکردنی مێینە تەنها لە قەزاکانی بەردەڕەش و ئاکری ئەنجامدراوە بەرێژەی کەمتر لە 10٪ی ئافرەتان، ئەو قەزایانەی کە پەیوەندی پتەویان هەیە لەگەڵ پارێزگای هەولێر. ئەم جیاوازییە لە نێوان پارێزگاکان بە هەمان شێوە هەیە لە نێوان قەزاکاندا، بەتایبەتی لە سلێمانی، کە لە قەزای پێنجوین کەمتر لە 20٪ی ئافرەتان دووچاری خەتەنەکردن بوونە، بەڵام نزیکەی 95٪ لە رانیەو پشدەر. تەنانەت لە قەزای سلێمانی کە ئەوپەڕی شارستانیبوونی بەخۆوەبینیوە، ئەم کردارە تیایدا بەربڵاوە کە زیاتر لە 40٪ی ئافرەتان گیرۆدەی بوونە. هەرچەندە جیاوازی روون هەیە لە بەربڵاوی خەتەنەکردنی مێینە لە قەزاکانی هەولێر، بەڵام جیاوازییەکان بچووکترن، لە نێوان 40٪ لە مێرگەسۆر بۆ 80٪ لە چۆمان

شێوە 28: رێژەی ئافرەتانی 15-49 ساڵ کە دووچاری خەتەنەکردن بوونە لە قەزاکانی کوردستان، 2011

